

# ئامۆژگاریی باش
# لە یاقووت بەنرخترە

**سەلمان ڕوشدی**

**لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح**

لە ڕۆژی دواهەمین سێشەممەی مانگدا، پاسی سپێدە، کە هێشتا گڵۆپەکانی ڕۆشن بوون، خانم ڕیحانای گەیاندە پێش دەروازەی باڵیۆزخانەی بەریتانی. پاسەکە لە وەستانیدا هەتا ئەو وەختەی خانم دابەزی، تەپوتۆزێکی هەستاند کە قەشەنگی خانمی لە پێش چاوی نامۆکاندا داپۆشی. پاسەکە بە نەخشو نیگاری ئاڵۆزو ڕەنگاوڕەنگی عەرەبی ڕوپۆشکرابوو. بەسەر نێوچاوانییەوە بە پیتی سەوزو ئاڵتونی نووسرابوو: «خۆت لادە دڵەکەم!»، بە پشتییەوە نووسرابوو «تاتا-باتا» و سەرەڕای ئەوەش «ئۆکەی، بەهیوای بەختێکی باش!»

خانم ڕیحانا بە شۆفێرەکەی گوت، پاسێکی ئێجگار جوانە، ئەویش دەستبەجێ هەڵبەزییە سەرپێو بە تەنتەنە دەرگاکەی بۆ خانم ڕاگرتو کاتێک خانم دابەزی جەستەی هەتا ڕادەی زیادەڕەوی لەپێش خانمدا نەوی کرد.

چاوەکانی خانم ڕیحانا گەورەو ڕەشو هێند تروسکەدار بوون، کە پێویستیان بە هیچ کلو کلدانێک نەبوو. کاتێک پسپۆڕی ڕاوێژکاری، موحەمەد عەلی ئەو چاوانەی بینی، هەستی بە گەنجبوونەوەی خۆی دەکرد. ئەو چاودێریی خانمی کرد چۆن لەگەڵ کەوتنی تیشکی ڕۆژدا لە دەروازەی باڵیۆزخانەکە نێزیک بووەوەو ڕووی لە لالە ڕیشن کرد، تاوەکو لێی بپرسێت ئاخۆ کەی دەروازەکە دەکرێتەوە؟ ئەویش بە بەرگە فەرمییە خاکییەکانیو دوگمە ڕەنگ زێڕینییەکانیو نیشانەکانی سەر جامەدانەکەی لەویادا وەستابوو. لالا، کە ڕووگرژی خۆی لەگەڵ ئەو ژنانەی سێشەممان بۆ باڵیۆزخانە دەهاتن کردبووە خوو، بە چەشنێک وەڵامی خانم ڕیحانای دایەوە، کە وەخت بوو لە پلەی «بەڕێزی» نێزیک دەکەوتەوە. وتی: «نیو کاتژمێری دیکە. یاخود لەوانەشە دوو کاتژمێری دیکە. کێ دەزانێت؟ ساحیبەکان لە بەرچایین.»

مەیدانە تۆزاوییەکەی نێوان وێستگەی پاسەکانو باڵیۆزخانەکە هەر لە ئێستاوە لە ژنانی سێشەممان جمەی دەهات، هەندێکیان خۆیان باش حیجاب کردبوو، تەنها هەندێکیان دەموچاویان تەواو بەبێ حیجاب بوو، وەک خانم ڕیحانا. زۆرینەیان ترسنۆک دەردەکەوتنو خۆیان بە قۆڵی مامێک، خاڵێک یان برایەکەوە هەڵواسیبوو، کە ئەوانیش هەر یەکەیان لەلای خۆیانەوە تەقەلایان بوو گومان لە نیگایاندا دەرنەکەوێت. خانم ڕیحاناش بەپێچەوانەوە بە تەنها هاتبوو و بە هیچ شێوەیەکیش ترسی تیا بەدی نەدەکرا. موحەمەد عەلیش دەستێکی باڵای لەوەدا پەیدا کردبوو قسە لەگەڵ ئەوانەدا بکات، کە لەهەمووان گومڕاترو پڕگومانتر دەردەکەوتنو هەموو هەفتەیەک دەهاتن تەکیبر وەربگرن، بەڵام لەناکاو هەستی کرد پێیەکانی بەبێ خواستی خۆی بەرەو ئەو خانمە گەنجە سەیرە، چاو گەورەو پڕمتمانەیە هەڵی دەگرن. بەم شێوەیە دەستی پێکرد: «خانم، پێموایە ئێوە لەبەر مۆڵەتنامە بۆ لەندەن هاتوون.»

خانم ڕۆیشتبووە لای «شانتی تاون»، کۆمەڵێک کوختەی لە دار دروستکراوی شرووپڕ بەسەر قەراغی مەیدانەکەوە، لەوێ بۆ خۆی لەپێش دوکانێکی لەفەدا ئاسوودە «چیلی پاکۆراس»ی دەجوو. کە خانم ئاوڕی دایەوە، چاوەکانی لەو نێزیکەوە یارییەکی خراپیان بە کۆئەندامی هەرسی کرد.

«بەڵێ ڕاستە.»

«تکایە ڕێم پێ دەدەن ئامۆژگارییەکی باشتان بکەم؟ زۆر ناکەوێت.»

خانم ڕیحانا بزەی کردو وتی: «ئامۆژگاریی باش لە یاقووت بەنرخترە، بەڵام بەداخەوە ناتوانم هەقدەستتان بدەمێ. من بە هەتیوی گەورە بوومو سەر بەو خانمە زەنگینانە نیم، کە ئێوە لێیان ڕاهاتوون.»

موحەمەد عەلی وازی لێ نەهێنا: «متمانەتان بە سەرە سپییەکەم هەبێت! ئامۆژگارییەکانی من لەسەر بنچینەی ئەزموونێکی دەوڵەمەندن. دڵنیام گلەییتان نابێت.»

خانم سەری ڕاوەشاند: «ئێ منیش پێتان دەڵێم، من کەسێکی نەدارم. ئێرە ژنی لێن لەگەڵ پیاوی



خزمیاندان کە بێگومان پارەیەکی باش پەیدا دەکەن. بڕۆن بۆ لای ئەوانە! ئامۆژگاریی باش شایەنی پارەی باشە!»

موحەمەد بەخۆی وت، خۆ من شێت بووم، چونکە گوێی لە دەنگی خۆی بوو خۆبەخۆ وتی: «خانم، قیسمەت ڕەوانەی لای ئێوەی کردووم. ئیدی چی بکەم؟ بۆمان نووسراوە لێرە یەکدی ببینین. منیش تەنها پیاوێکی هەژارم، بەڵام بۆ ئێوە ئامۆژگارییەکانم بەلاشن.»

خانم دووبارە کەوتەوە بزە: «کەوابێ لێی چاکتر نییە گوێیان بۆ ڕادێرم. ئەوەی قیسمەت خەڵاتی بکات، تەنها چاکە بەشێتی.»

موحەمەد عەلی خانمی بۆ لای مێزە تەختە نزمەکەی خۆی بەڕێکرد کە لە قوژبنێکدا بوو لەبەشی «شانتی تاون»دا. ئەویش بە ڕێگاوە لە لوولە ڕۆژنامەکەوە «پاکۆراس»ی دەخوارد. فەرمووی لە کاکی ڕاوێژکار نەکرد.



موحەمەد عەلی پشتییەکی لەسەر ئەرزە تەپوتۆزاوییەکە دانا: «تکایە دانیشن!»، خانمیش قسەی نەشکاند. لالە لەکاتێکدا چوارمشقی لە پشت مێزی نووسینەکەوە دانیشت، بۆی ئاشکرابوو کە دوو هەتا سێ دەرزەن چاوی نێرینە بە ئیرەییەوە چاودێرییان دەکرد، دیار بوو کە سەرجەمی پیاوەکان تەماشای ئەو پەرییە گەنجەیان دەکرد، کە ئەو ساختەچییە سەرسپییە کەوڵەکۆنە تەفرەی دەدا. لالە تاوەکو ئارام بگرێتەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

«ناوتان تکایە!»

«خانم ڕیحانا، دەزگیرانی موستەفا دار لە برێردفۆرد، لەندەن.»

لالەش خۆشڕوو هەڵەکەی بۆ ڕاست کردەوە: «برێدفۆرد، ئینگلستان. لەندەن تەنها شارێکە وەک مولتان یاخود باهاڤالپور. ئینگلستان وڵاتێکی مەزنە، ساردترین خەڵکی سەر ڕووی ئەم زەمینە نیشتەجێین.»

«ئاوها؟ سوپاستان دەکەم.»، خانم هێند بەجدی وەڵامی دایەوە، کە لالە دڵنیا نەبوو ئاخۆ گاڵتەی پێ دەکات.

«داوانامەکەتان پڕ کردووەتەوە؟ چونکە دەمەوێت ببینم، بە ئەرک نەبێت.»

خانم زەرفێکی قاوەیی دایە دەستی، کە کاغەزەکەی ناوی زۆر بە ئابوتاب قەد کرابوو.

«هیچ کەموکوڕییەکی هەیە؟»، بۆ یەکەمینجار ئاماژەیەک لە خەم لە سەدای مەدامدا بەدیدەکرا.

لە کۆتاییدا موحەمەد عەلی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی خۆی ڕاگەیاند: «عەیبی نییە، هەمووی تەواوە.»

خانم وتی: «زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ڕاوێژییەکەتان» و خۆی ئامادە کرد هەستێتە سەرپێ، «ئێستا دەڕۆم بۆ لای دەروازەکەو لەوێ چاوەڕێ دەکەم.»

ئەمیش هاواری لێ هەستا: «مەگەر ئێوە پێتان وایە چۆنە؟» و دەستی کێشا بەسەر نێوچاوانی خۆیدا، «وا دەزانن هەروا ئاسانە؟ داوانامەکەتان بەدەستەوە دەدەن ئیدی تەواو — بە بزەیەکی دۆستانەوە مۆڵەتنامەی گەشتکردن دەخەنە قولی مشتتانەوە؟ ئۆە خانم ڕیحانا، من پێتان دەڵێم، ئێوە دەچنە جێگایەکەوە کە لەهەر وێستگەیەکی پۆلیسیی سەر ئەم دنیایە خەراپترە.»

«بەڕاست؟»

دیاربوو دەموپلی کاری تێکردبوو. ئێستا گوێگرێکی بەسەرنجی دۆزیبووەوەو بەو شێوەیە دەیتوانی چەند خولەکێکی دیکە لە جوانییەکەی بڕوانێت.
لە پاش هەناسەیەکی قوڵی دیکەی ئارامهێن قسە هەمیشەیی‌و ستانداردەکانی خۆی وەلاناو پێی وت، ساحیبەکان هەموو ئەو ژنانە بە درۆزن‌و تەڵەکەباز لە قەڵەم دەدەن کە ڕۆژانی سێشەممان لێرە پەیدا دەبن‌و دەڵێن، گوایە خزم‌و کەسوکاری وەک شۆفێری پاس لە «لوتۆن» و ژمێریاریان لە «مێنچستەر» هەیە.
«دە منیش سوکوئاسان پێیان دەڵێم کە من وەک ئەوانی دیکە نیم.»، خانم بەم شێوەیە بەرپەرچی دایەوە.
سادەو ساکارییەکەی خانم موچوڕکو تەزووی بە پیرەمێرددا دەهێنا. پێی وت، ئێوە چۆلەکەیەکن بۆ خۆتان، بەڵام لە ژوورەوە پیاوانێک هەن بە جووتە چاوی تاریکەوە، هەروەک هەڵۆ. بۆی خستە سەر بەرە، کە لە ژوورەوە پرسیاری لێ دەکرێت — پرسیارگەلێک کە تەنانەت براش زات ناکات لە خانمە خوشکێکی خۆی بکات. لێی دەپرسن، ئاخۆ هێشتا پاکیزە ماون، ئەگەرنا دەستگیرانەکەتان خووەکانی لەسەر جێگا چۆن‌و لەسەر جێگا لەگەڵ دەستگیرانەکەتاندا چی جۆرە ناو و نازناوێکتان لەیەک داهێناوە.
موحەمەد عەلی بە ئانقەست وشەی توندوتیژی بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی ئەو شۆکەی کە لە ژووری تووشی دەهات، ئەگەر بەڕاستی کار بگەیشتایەتە ئەوە یاخود شتی لەو جۆرە، هێند بە توندی نەپێبکێت.
خانم نیگای ئارام مایەوە، بەڵام دەستەکانی، کە لەسەر قەراغی مێزی نووسینەکە بوون، کەوتنە لەرزین.
لالە درێژەی پێدا: «لێت دەپرسن، خانووی خانەوادەکەتان چەند ژوورە، دیوارەکانیان چ ڕەنگەو لە چی ڕۆژێکدا خۆڵ فڕێدەدەن. دووهەم ناوی زڕکچی سێهەم ئامۆزای دایکی شووەکەتان لێ دەپرسن. هەموو ئەو پرسیارانە لە موستەفا دارەکەی برێدفۆرتیشتان کراوە. گەر یەک هەڵەش چییە بیکەن، ئەوا لێبوونەتەوە.»
خانم وتی: «بەڵێ»، پیرەمێردیش دەیبیست کە خانم چەندێک لە هەوڵو تەقەلای ئەوەدابوو تۆنێکی جێگیر بدات بە دەنگی، «ئەی ئامۆژگاریی ئێوە چییە، پیاوی چاک؟»
لەو جێیەدا موحەمەد عەلی بە فشارەوە کەوتە چپەچپو بە خانمی وت، گوایە پیاوێک دەناسێت، مرۆڤێکی زۆر ڕووخۆش کە لە باڵیۆزخانە دەستبەکارەو دەتوانێت لەڕێی ئەو پیاوەوە -بەبڕێکی دیاریکراو— کاغەزە پێویستەکان بە مۆرو واژۆوە بەدەستبخات. ئەوە بەڕاستی مامەڵەیەکی باش بوو، چونکە شتێکی دەگمەن نەبوو ژنان پێنج سەد ڕوپێ یاخود بازنەیەکی زێڕی بدەنێ بۆ زەحمەتەکانی‌و لەگەڵ ئەوەشدا ئاسوودە بۆی دەڕۆیشتنەوە ماڵێ.
چونکە بەگشتی لە هەرێمی وەهاوە دەهاتن کە سەدان میل لێرەوە دوور بوون —هەمیشە خۆی لەوە دڵنیا دەکردەوە بەر لەوەی دەست لە فریودانیان گەرم بکات— ئیدی ئەستەم بوو لەپاش ئاشکرابوونی فرتوفێڵەکانی چەند جارێک بێنەوە سەری. دەگەڕانەوە بۆ «سارغۆدا» یان «لالوخێت»، دەستیان دەکرد بە کۆکردنەوەی





سەلمان ڕوشدی نووسەری ئینگلیز بە ڕەگەز هند ١٩٤٧ لە شاری بۆمبای لە هندستان لەدایک بووە. یەکێکە لە گرنگترین نوێنەرانی ئەدەبی سەردەم. چیرۆکەکانی تێکەڵەیەکن لە چەمکی ئەفسانەیی لەگەڵ فەنتازیا و دنیای واقیعدا. ناوبانگی جیهانی لەساڵی ١٩٨٣دا بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (منداڵانی نیوەشەو) بەدەستهێنا.

باروبوخچەکانیان، ئیدی گرنگ نەبوو لە چی وەختێکدا هەستیان بەوە دەکرد کە کاکمان قوڵی لە بندا بۆ بڕیبوون — لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی چووبوو چووبوو.

ژیان سەختەو ئێ خۆ دەشبێت شتێک هەبێت پیرەمێردێک خۆی لەسەر بەخێو بکات. ئاخر پێم ناڵێن موحەمەد عەلی لە بەرچی ڕەحمی بەم ژنانەی سێشەممان بکردایە؟

بەڵام دووبارە دەنگی فریوی دایەوە، بەشێوەیەک کە لەجێی ئەوەی دەست بە خوتبە هەمیشەییەکەی خۆی بکات، نهێنییەکەی خۆی لای خانم ڕیحانا درکاند، کە لە هەر شتێک زیاتر پاراستبووی.

موحەمەد عەلی، وتی: «خانم ڕیحانا، ئێوە مرۆڤێکن چەشنتان دەگمەنە، گەوهەرێکن بۆ خۆتان، من کارێکتان بۆ دەکەم، کە ڕەنگە بۆ کچەکەی خۆشمم نەکردبایە. دەستم بە کاغەزێک گەیشتووە، کە یەکجارەکی هەموو کێشەکانتان چارەسەر دەکات.»

خانم، کە هەنووکە چاوەکانی ئاشکرا پێی پێدەکەنین، پرسیی: «ئەو کاغەزە پەرجووکارە چییە؟»

دەنگی لالە تەواو تەواو کز بوو: «پاسپۆرتێکی بەریتانی، خانم ڕیحانا. سەد دەر سەد ئەسڵ، هەیبەتی لەسەروو هەموو گومانێکەوەیە. هاوڕێیەکی باشم هەیە وێنەو ناوی ئێوەی دەخاتە سەرو ئیدی، ئینگلستان خۆت بگرە وا هاتم!»

شتەکەی وتو کار لە کار ترازا!

ئەمڕۆ، لەم ڕۆژی شێتییەدا دەشیا هەر شتێک ڕوو بدات. ڕەنگ بوو وانێکەکەی ئەسڵەن بە بەلاش بداتێو دواتر لەداخی ئەوە ساڵێک شەق لە قونی خۆی هەڵدات.

بە خۆی وت، هەی شێتی کەوڵەکۆن! شێتە هەر پیرەکان هەمیشە وا لە خۆیان دەکەن منداڵترین کیژۆڵە کەریان بکات.

خانم وتی: «با بە دروستی لێتان حاڵی بم. ئێوە پێشنیاری ئەوە دەکەن من سەرپێچی لە یاسا بکەم...»

پیرەمێرد قسەکەی پێ بڕی: «سەرپێچی نا، تەنها ڕێگایەکی ئاسانتر.»

«... بە قاچاخ بۆ برێدفۆرد، لەندەنو بەوە ئەو بیروڕا خراپە پشتڕاست بکەمەوە کە ساحیبەکانی باڵیۆزخانە سەبارەت بە ئێمە هەیانە. بابوجی پیر، بەڕاستی ئەوە ئامۆژگارییەکی باش نییە!»

ئەو غەمگینانە هەڵەکەی بۆ ڕاستکردەوە: «برێدفۆرد، ئینگلستان. ڕەوا نییە ئێوە دیارییەکەی من بەو شێوەیە ببینن.»

«ئەی چۆنی ببینم؟»

«من پیاوێکی هەژارم، بیبی، ئەو دیارییەشتان پێشکەش دەکەم، لەبەر ئەوەی هێندە جوانن. تفو نەفرەت لە دڵگەورەییەکەم مەکەن. کاغەزەکەم لێ وەرگرن! یاخود وەریمەگرن، بڕۆنەوە بۆ ماڵەوەو ئینگلستان لەبیر بکەن! هێندە هەیە مەڕۆنە ناو ئەو بینایەوە، جێیەک، کە تیادا تەنها شکۆمەندیتان لەدەست دەدەنو هیچی تر!»

بەڵام خانم لە جێگای خۆی هەڵبەزیبووە سەرپێ، پشتی تێکردبوو و بەرەو پیری دەروازەکە دەچوو، لەو نێوەندەدا ژنەکان لەوێ کۆبووبوونەوە، لالەیەکیش بە ڕەقی دەستووری دەدا سەبریان هەبێت، ئەگەرنا گوایە هیچیان ناکرێنە ژوورێ.

موحەمەد عەلی هاواری لێکرد: «دە کەوابێ هەر خۆتان فریودەن. بە باو و باپیرانی من چی؟»

(مەبەستی لەوەبوو بە ئەو چی.)
خانم ئاوڕی نەدایەوە.
موحەمەد عەلی دەیشیراند: «ئەوە دەردی میللەتی ئێمەیە. کەرو نەزانینو نامانەوێت هیچ فێر ببین.»
ژنە گوێزفرۆشەکەی ئەولاوە هاواری لە موحەمەد عەلی کرد: «هێی موحەمەد عەلی، خانم دیارە مەیلی لە پیاوانی گەنجترە.»
لەو ڕۆژەدا موحەمەد عەلی تەنها لە چواردەوری دەروازەی باڵیۆزخانەکەدا کەوتبوو. چەندینجار نەفرەتی لە خۆی دەکردەو دەیگوت، بڕۆ و لێرە مەمێنە هەی کەرە پیر! خانم چیدیکە نایەوێت قسە لەگەڵ تۆدا بکات. بەڵام خانم کاتێک هاتە دەرێ، بینیی موحەمەد لەوێ چاوەڕوان بوو، سڵاوی لێکرد: «سەلام، خاڵی ڕاوێژکار.»
خانم زۆر ئارام دەینواندو لەوە دەچوو چیدیکە لێی تووڕە نەمابێت. موحەمەد بەخۆی وت، خودایە، یا ئەڵڵا، خانم ڕزگاری بووە! ساحیبە بەریتانییەکانیش لە چاوەکانی خانمدا نغرۆ بوونو موڵەتنامەکەی بۆ ئینگلاند چنگ کەوتووە.
موحەمەد پڕهیوایانە بەدەمییەوە بزەی دەکرد. ئەویش بە ڕۆحێکی کراوەوە وەڵامی بزەکەی دەدایەوە.
موحەمەد عەلی وتی: «خانم ڕیحانا، موبارەک بێت کچم ئەو ساتەی کە دیارە ساتی سەرکەوتنتان بووە.»
خانم لە پڕتاو دەستی دایە قۆڵی پیرەمێردو وتی: «وەرن، داوەتی پاکۆراتان دەکەم، تاوەکو بەوە سوپاستان بکەم بۆ ئامۆژگارییەکانتانو سەرەڕای ئەوەش بۆ بێڕێزییەکەم داوای بەخشینتان لێبکەم.»
لەو تەپوتۆزەی دوانیوەڕۆدا لەسەر مەیدانی تەنیشت پاسەکەوە وەستابوون، کە خەریکی پڕچەککردنی بوون بۆ دەرچوون. حەماڵ دۆشەکیان بە چەمچەکەیەوە توند دەکرد. دەستگێڕێک بە هاتوهاوار هەوڵی دەدا ڕۆمانی خۆشەویستیو حەب بە سەرنشینەکان بفرۆشێت — هەردووکیان دژە خەمناکی بوون. خانم ڕیحاناو موحەمەد عەلی بەختەوەر هەروەک لەسەر دەعامیی پێشەوەی پاسەکە دانیشتبوونو پاکۆرایان دەخوارد. موحەمەد عەلی بە مینگەمینگێکی هێواش ئاوازی فیلمێکی لەبەرخۆوە دەبالۆراند. ئیدی بۆ ئەمڕۆ گەرماکەی خستبوو.
خانم ڕیحانا کەوتە گێڕانەوە: «هاوسەرییەکەی منو موستەفا دار لە کارێکی بڕێنراوە بووە. من نۆ ساڵان بووم کە دایکو بابم هەموو شتێکیان بڕاندووەتەوە. موستەفا دار هەر ئەوکات تەمەنی سی ساڵ بووە، بەڵام باوکم پیاوێکی ویستووە بتوانێت مشوورم بخوات، هەروەک چۆن خۆی هەمیشە مشوورخۆرم بووە. موستەفاش پیاوێک بووە کە بابەگیان وەک پیاوێکی پشتپێبەستراو ناسیوویەتی. پاشان دایکو باوکم کۆچی دواییان کرد. موستەفا دار ڕۆیشت بۆ ئینگلستانو بەڵێنی دا من دوابەدوای خۆی ڕاکێشێت. ئەوە چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیووە. وێنەیەکی موستەفام لایە، بەڵام موستەفا بۆ من پیاوێکە تەواو نامۆ. تەنانەت دەنگیشی لە تەلەفوندا ناناسمەوە.»
ئەو دانپێدانانە موحەمەد عەلی سەرسام کرد، بەڵام بە ڕووخسارێکەوە سەری دەلەقاند، کە هیوادار بوو ژیریو دانایی لێ داباریێت.
وتی: «لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەش، دایکو باوکان هەمیشە بۆ منداڵەکانیانن. دایکو باوکی



ساڵی ١٩٨٩ بە بڵاوکردنەوەی (ئایەتە شەیتانییەکان) ناوبانگی بەرفراونتر بوو و هاوکات لەلایەن سەرکردەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ئایەتوڵا خومەینی فەتوای کوشتنی لەسەردرا. نێزیکەی دە ساڵ لەژێر پارێزگاری دەزگای سیخوڕی ئەمەریکی (سی ئای ئەی) دا لە خۆحەشارداندا بوو. هەردوو وەرگێڕی تورکی و یابانی ئایەتە شەیتانییەکان لەپێناو ڕێبەری فەتواکەدا تیرۆرکران.

ئێوە پیاوێکی چاکو ڕاستگۆی بۆ دۆزیونەتەوە، کە پەیمانی خۆی بردووەتە سەرو دەیەوێت ڕاتانکێشێت. ئێستاش تەواوی تەمەنتان لەپێشتاندایە بۆ ئەوەی بیناسنو فێری ئەڤینی ببن.»
ئەو تاڵییەی کە لەناکاو پەڕییە ناو بزەی خانمەوە، سەری لە موحەمەد عەلی شێواند.
خانم ڕیحانا وتی: «هەی پیاوی چاک، بۆچی هەر لە ئێستاوە ڕەوانەی گەشتەکەی ئینگلستانتان کردووم؟»
پیرەمێرد بە دڵی داخورپاوەوە لەجێی خۆی هەڵبەزییەوە.
«ئێوە هێند بەختەوەر دیار بوون... لانی کەم وا دەهاتە پێش چاوی من... بمبەخشن خانم، بەڵام ئاخۆ ڕەتیان کردنەوە؟»
خانم وتی: «هەموو پرسیارەکانم بە هەڵە وەڵام دایەوە. نیشانەی هەڵەم بۆ سەر گۆنایەکی پێچەوانەی هەڵدا، حەمامەکەم بە جۆرێکی تەواو جیاواز وەسف کرد، ئەسڵەن دارو بەردم بەسەر یەکدا قڵپکردەوە. تێدەگەن؟»
«بەڵام ئەی ئێستا چی دەکەن؟ پاشان چیتان بەسەر دێت؟»
«دەگەڕێمەوە بۆ لاهۆرێ، بۆ سەر ئیشو کاری خۆم. من لە ڤێلایەکی گەورەدا وەک دایەنی سێ کوڕی زۆر شیرین دامەزراوم. ئەوان زۆر غەمگین دەبوون گەر بەجێم بهێشتنایە.»
موحەمەد عەلی کەوتە سکاڵا: «ئەی لەو کارەساتە! خودایە، تەنها بەگوێی منتان بکردایە! بەڵام بەداخەوە دەبێت پێتان بڵێم کە ئەوەش لەدەست چووە. ئێستا داوانامەکەتان تۆمارکراوە، ئێستا دەتوانرێت هەموو شتێک لێکۆڵینەوەو پشکنینی لەگەڵدا بکرێت، ئێستا پاسپۆرتەکەش هیچ فەڕێکی بۆتان نەماوە. تەواو، هەموو شتێک نەجات. لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی چەند ئاسان دەبوو، گەر ئامۆژگارییەکەی منتان لە کاتی خۆیدا بەجێبهێنایە!»
خانم وتی: «پێموایە، بەڕاستی پێموایە، ئێوە پێویست ناکات بەزەییتان بە مندا بێتەوە.»
دواهەمین بزەی خانم ڕیحانا، کە موحەمەد عەلی لە مەیدانی پێش باڵیۆزخانەکەوە بەر لەوەی تەپوتۆزی پاسەکە دایپۆشێت، بینیی، شادیبەخشترین شت بوو کە هەرگیز لە ژیانە درێژو دڕندەو سەختو بێئەوینەکەی خۆیدا بینیبووی.

